دەستلەکارکێشانەوەی 3 وەزیر لە حکومەتەکەی نەتانیاهو

پارتی "عوتسما یەهودیت" کە سەرکەکەی وەزیری ئاسایشی کیانی زایۆنی بوو لە توندڕەو هاستەکانی ئیتمار بن غڤیر، ڕایگەیاند: کە سەرکەکەی و دوو وەزیری تری ئەندامی پارتەکە دەستیان لە حکومەتی سەرۆک وەزیران "بنیامین نەتانیاهو " کێشایەوە بەهۆی ڕەکەوتنی ئاگربەست لە کەرتی غەزە.

پارتی "عوتسما یەهودیت" چیتر بەشێک نییە لە هاوپەیمانەتی فەرمانڕەوا، بەڵام ڕایگەیاند کە هەوڵی ڕووخاندنی حکومەتی نەتانیاهو نادات.

پێشتر "ئیتمار بن غڤیر "وەزیری ئاسایشی نیشتمانی کیانی زایۆنی توندڕەوی هاستەو،هەڕەشەی کردبوو کە لە حکومەتی هاوپەیمانی "بنیامین نەتانیاهو " سەرۆک وەزیران دەکشێتەوە ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر ڕەکەوتنی ئاگربەست لە کەرتی غەزە دەربڕێت.